بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان

**هەرێمی كوردستانی عێراق**
**سەرۆكایەتی هەرێم**
**سەرۆك**

**بەناوی گەلەوە**

## بڕیار

**ژمارە ( ١٣ ) ساڵی ٢٠٠٩**

**یاسای ژمارە ( ٦ ) ی ساڵی ٢٠٠٩**

**یاسای وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی كوردستان ـ عیراق**

بە پێی خاڵی (٢)ی بڕگەی (یەكەم) ی ماددەی (١٠) ی یاسای سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان – عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ ی هەمواركراو و بە پاڵپشتی ئەو یاساكارییەی پەرلەمانی كوردستان – عێراق كردویەتی لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (١٤) لە ٢٠٠٩/٥/١٨ بڕیارماندا بە دەركردنی:

## یاسای ژمارە (٦) ی ساڵی ٢٠٠٩
## یاسای وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی كوردستان ـ عیراق

**ماددەی یەكەم:**

مەبەست لەم زاراوانەی خوارەوە،ماناكانی بەرامبەریانە بۆ مەبەستی ئەم یاسایە

یەكەم: هەرێم: هەرێمی كوردستان ـ عیراق.

دووەم: وەزارەت: وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی كوردستان.

سێیەم: وەزیر: وەزیری ناوخۆی هەرێم.

چوارەم: بریكاری وەزارەت: بریكاری وەزارەتی ناخۆ.

پێنجەم: یەكەی كارگێڕیی: (پارێزگا ـ قەزا ـ ناحیە).

شەشەم: هێزەكانی ئاسایشی ناوخۆ: (پۆلیس ـ هاتوچۆ ـ گەشت و ولاتنامە ـ بەرگریی شارستانی).

**ئامانج وئەركەكانی وەزارەت**

**ماددەی دووەم:**

وەزارەت بەدیهێنانی ئەم ئامانج و ئەركانەی خوارەوە دەگرێتە ئەستۆ:.

یەكەم: جێبەجێ كردنی سیاسەتی گشتیی حكومەتی هەرێم و پارێزگاریی یەكگرتنی و پاراستنی ئاسایشی ناوخۆی.

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقائعی كوردستان لە سایتی وەزارەتی داد


WWW.MOJKURDISTAN.COM

دووەم: کارکردن لە پێناوی سەپاندنی پرنسیپی سەروەریی یاساو پارێزگاری کردن لە سیستەمی گشتی و پاراستنی سامانی گشتی و تایبەتی.

سێیەم: کارکردن لە پێناوی پاراستن و زامن کردنی دەستدانە ئازادیە دیموکراتیەکان و مافەکانی مرۆڤ وبەرجەستەکردنی رۆڵی دەزگاکانی کۆمەڵگای شارستانی لە هەرێمدا.

چوارەم: کارکردن لە پێناوی رێگەگرتن لە روودانی تاوان و توندوتیژی لە دژی ئافرەت و بەرەنگاربوونەوەی، بە مەبەستی بەدیهێنانی ئاسایش وسەقامگیریی و سەلامەتی گشتیی.

پێنجەم: هاوکاریی وهەماهەنگی کردن لە گەڵ وەزارەت و دەزگاگشتیە تایبەتمەندەکاندا لە بارەی ئەو کارو ئەرکانەی کە پەیوەندیان بە پاراستنی ئاسایش و پارێزگاری کردنی سیستەمی گشتی و هەماهەنگی کردن لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆی فیدراڵی یان هەر رێکخراوێکی عیراقی یاخود نێودەوڵەتی لە چوارچێوەی دەسەلاتەکانی وزارەتدا هەیە.

شەشەم: بڵاوکردنەوەی هۆشیاری رۆشنبیریی و ئاسایشی و دروستکردنی کەش و هەوایەکی تەنایی لە نێوان هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ و توێژە هەمە جۆرەکانی کومەڵگای شارستانی و تاکەکان بۆ ئاراستەکردنیان بە هاوکاریی و هەماهەنگی کردن لە پێناوی پاراستنی بەرژەوەندیی گشتی هاوبەشدا.

حەوتەم: چاودێری کردنی ئاوارەو کۆچ پێکراوەکان و پەنابەران و کۆشش کردن لە پێناوی چاککردنی بارودۆخیان و پێشکەش کردنی چارەسەر وفەراهەمکردنی خزمەتگوزاریی وهەماهەنگی کردن لەگەڵ وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان لە بارەیانەوە.

## پێکهاتەکانی وەزارەت

**ماددەی سێیەم:**

وەزارەت لەمانەی خوارەوە پێکدێ:

**یەکەم:وەزیر:**

سەرۆکی باڵای وەزارەتە و بەرپرسە لە جێبەجێ کردنی سیاسەتەکانی و سەرپەرشتی جێبەجێ کردنی یاساو پێڕەوەکان و دەرچوواندنی رێنمایی وفەرمان و بەیاننامەکان لە چوارچێوەی ئەرکی کارەکانی وەزارەت و پێکهاتەکانی و هەموو کاروبارە دارایی و کارگێڕی و سەربازیی و رێکخستن و هونەری وبەدوا داچوونیان و ئاراستە کردنیان وهەماهەنگی کردن لە نێوان دەزگا گشتیەکاندا لە چوارچێوەی سنووری ئەم یاسایە و یاسا کارپێکراوەکانی دیکە و بۆی هەیە هەندێك لە دەستەڵاتەکانی بداتە بریکارەکانی وەزارەت وسەرۆکی یەکە کارگێڕییەکان و بەڕێوەبەرەگشتیەکان و سەرۆکی

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقائعی کوردستان لە سایتی وەزارەتی داد


WWW.MOJKURDISTAN.COM

فەرمانگـەکان و لەبـەردەم ئەنجومـەنی وەزیراندا بەرپرسیار دەبیٚ، چونکە ئەندامیٚکی هاوکارە تێیدا.

دووەم: بریکارەکانی وەزارەت:

١–بریکاری وەزارەت بۆ کاروباری هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ.

٢– بریکاری وەزارەت بۆ کارگێڕیی گشتی.

سەرپەرشـــتی هێزەکـــانی ئاسایـــشی نـــاوخـــۆ و فەرمـــانگەکانی کاروبـــاری گـــشتی و یەکـــە کارگێڕییـــەکان و کارگێڕییـــە خۆجێییـــەکان دەکـــەن وئـــەو ئـــەرك و دەسەڵاتـــانەی کـــە وەزیـــــر پێیـــان دەســـپێرێ هەڵـــدەسووڕێنن بەمـــەرجـــیٚ دەبـــیٚ خـــاوەن شـــــارەزایی ولێهـــاتوویی بـــن و بـــەلای کـــەمی خـــاوەنی بڕوانـــامەی بەرایی زانکۆ بن.

سێیەم: نووسینگەی وەزیـــر:

فەرمانبەرێك بەرێوەی دەبات بە ناونیشانی بەڕێوەبەر یاخود ئەفسەرێك کەپایەکەی لە نـەقیب کـەمتر نـەبیٚ و خـاوەنی بڕوانامـەی بـەرایی زانکـۆ بێـت وچـەند فەرمانبـەر و کارمەندێك یارمەتی دەدەن.

چوارەم: هەردوو نوسینگەی هەردوو بریکـــاری وەزارەت:

هـــەر بریکـــارێکی وەزارەت نووســـینگەی تایبـــەتی خـــۆی هەیـــە و فەرمانبـــەرێك یـــان ئەفـــسەرێك ســـەرۆکایەتی دەکـــات بـــە ناونیـــشانی بەرێوەبـــەر و چـــەند فەرمانبـــەر و کارمەندێك یارمەتی دەدەن.

پێنجەم: راوێژکــــاران:

راوێژکاری وەزیر بە پلـەی تایبـەتی دەبیٚ و دەبێت خاوەنی بروانامـەی بـەرایی زانکـۆ بێـت لـە بـواری پـسپۆڕییەکەی و بەلایـەنی کەمـەوە (١٥) سـاڵ خزمـەتی بـە کردەنـی هەبێت و خاوەنی شارەزایی و لێهاتوویی بیٚ و لەو مەسەلانەی کە وەزیر بۆی دەنێریٚ مەشوەرەت پێشکەش دەکات و دامەزراندنی بە پێشنیازی وەزیـر دەبیٚ و بەمـەرجێك نابیٚ ژمارەیان لە چوار زیاتر بن.

شەشەم: پارێزگـــارانی هەرێـــم:

پارێزگار: فەرمانبەری یەکەمی جێبەجیٚ کردنە لە پارێزگاو بەوەزارەتـەوە دەبەسترێت و پێویستە ئەو یاساو پیڕەوو رێنمایی و فەرمانانە جێبەجیٚ بکات کە لەوەزیرەکانەوە دەردەچـیٚ و سـەبارەت بـە مـاف وخزمـەتی وەزیفـیش بەپلـەی تایبـەتی (بریکـاری وەزارەت) دەبیٚ.

حەوتەم: ئەنجـــومەنی وەزارەت:

١– لە دیوانی وەزارەت ئەنجومەنێك پێکدی پێی دەگوتـــریٚ (ئەنجـــومەنی وەزارەت) و لەمانە پێك دێت:

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقائعی کوردستان لە سایتی وەزارەتی داد



WWW.MOJKURDISTAN.COM

أ- وەزير : سەرۆكی ئەنجومەن.
ب- بريكارانی وەزارەت: ئەندامن.
ج- پاريزگاران: ئەندامن.
د- بەڕێوەبەرە گشتييەكان: ئەندامن.
ه- راوێژكاران: ئەندامن.

٢- ئەنجومەن لێكۆڵينەوە و گفتوگۆدەكات و بڕيارا دەردەبڕێت لە هەموو ئەوانەی كە وەزير بۆی دەنێرێ.

٣- وەزيـــر بـــۆی هەيـــە بانگهێـــشتی هەركەســـێك لـــە كارمەنـــدانی وەزارەت يـــان وەزارەتـــەكانی تـــر بكـات لەوانـەی پـسپۆڕی و شـارەزاييان هەيـە بـۆ ئـەوەی لـە دانيشتنەكە ئامادە بن ياخود بە پێی پێويست.

٤- ئەنجومەن كۆبوونەوەكانی خۆی هـەر سـێ مـانگ جـــارێك دەبەسـتێ يـان لـە سـەر بانگهێـــشتی وەزيـــــر و بەسەرۆكـــــايەتی ئـــەو و لەكـــــاتی ئامادەنـــەبوونی، بريكـــاری وەزارەت لـە سەرۆكـــايەتی كردنـی دانيـشتنەكە جێـی دەگرێتـەوە كـە وەزيـــر رای دەسپێرێ.

٥- بڕيارەكانی ئەنجومەن لە رۆژی دەرچوونيانەوە بەركارن.

هەشتەم: بەڕێوەبەرايەتی گشتيی ديوان:

فەرمانبەرێك بەڕێوەی دەبات بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی كە خاوەن بڕوانامەی بەرايی زانكـۆ بێـت وخـاوەن شـارەزايی و لێهـاتوويی بـێ و ئـەم بەڕێوەبەرايەتيانـەی پێـوە دەبەسترێت:

١-بەڕێوەبەرايەتی كـارگـــێڕيی.
٢- بەڕێوەبەرايەتی خۆيەتی.
٣- بەڕێوەبەرايەتی ژمێريـــــاريی.
٤- بەڕێوەبەرايەتی پلان و بەدواداچوون.
٥- بەڕێوەبەرايەتی ميرە وئالـــيات.
٦- بەڕێوەبەرايەتی راگەيـــاندن و پەيوەندييەكان.
٧- بەڕێوەبەرايەتی وردبينی و چـــاودێری.
٨- بەڕێوەبەرايەتی تەكنولۆجـــيای زانـــياريی (بانـكی زانياريی).

نۆيەم: بەڕێوەبەرايەتی گشتی نـــاوخۆ:

فەرمانبـەرێك بـە پلـەی بەڕێوەبـەری گـشتی بـەڕێوەی دەبـات كـە بڕوانامـەی بـەرايی زانكـۆ هەبێ ياخود ئەفسەرێك بێت لە هێزەكانی ئاسايشی ناوخۆ پايەكەی لە عەقيد كەمتر نـەبێ و بڕوانامـــەی بـــەرايی زانكـــۆی هـــەبێ و خـــاوەن شـــارەزايی و لێهـــاتوويی بـــێ وئـــەم بەڕێوەبەرايەتـــيانەی پێوە دەبەسترێت :

ئەرشيفی رۆژنامەی وەقائعی كوردستان لە سايتی وەزارەتی داد


WWW.MOJKURDISTAN.COM

١–بەڕێوەبەرایەتی کۆمەڵە و ڕێکخـــراو و حزبەکـــان.
٢–بەڕێوەبەرایەتی کاروبـاری نهێنی و پەیوەندییە تایبەتیەکان.
٣– بەڕێوەبەرایەتی ئاراستەکـــردن و رابەری کـــردنی مەعنەوی.
٤–بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوونی تاوانە ڕێکخراوەکـــان.
٥–بەڕێوەبەرایەتی مەشق وشیاندن و لیکۆڵینەوە و لێتۆژینەوەکــــان.
٦– بەڕێوەبەرایەتی هەمـــاهەنگی و پەیوەندییە هەرێمیەکـان.

**دەیەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کارگێڕیی خۆجێیەتی:**

فەرمانبەرێك بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی بەڕێوەی دەبات کە خاوەن بڕوانامەی بەرایی زانکۆ بێت و شارەزایی و لێهاتووی هەبێ و ئەمانەی خوارەوەی پێوە دەبەسترێت:

١- بەڕێوەبەرایەتی کارگێڕیی وخۆیەتی.
٢- بەڕێوەبەرایەتی ژمێریاریی.
٣- بەڕێوەبەرایەتی موڵکەکان.
٤- بەڕێوەبەرایەتی وردبینی و چاودێری.
٥- بەڕێوەبەرایەتی ئەندازەی پرۆژە و دیزاینەکان.
٦- بەڕێوەبەرایەتی پلان و بەدواداچوون.
٧- بەڕێوەبەرایەتیەکانی خۆجێیەتی لە پارێزگاکانی هەرێمدا.

**یازدەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەدواداچوونی توندوتیژی دژی ئافرەت:**

فەرمانبەرێك بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی بەڕێوەی دەبات کە بڕوانامەی بەرایی زانکۆی هەبێ و خاوەن شارەزایی و لێهاتووی بێ.

**دوازدەم: دەستەی پشکنینی کارگێڕی:**

فەرمانبەرێك لە پلەی بەڕێوەبەری گشتی بەڕێوەی دەبات کە خاوەن شارەزایی و پسپۆڕی بێ و بڕوانامەی بەرایی زانکۆی هەبێ، ژمارەیەك لە پشکێنەران یارمەتی دەدەن و دەستە تایبەتمەندە بە پشکنینی یەکە کارگێڕییەکان و فەرمانگە و بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکان و ئەو بەشانەی سەر بە وەزارەتن جگە لە فەرمانگەکانی هێزی ئاسایشی ناوخۆ.

**سێزدەم: مەڵبەندی پەرەپێدانی کـارگـێڕیی:**

کـادیری کـارگێڕیی و سـەرۆکی یەکـە کارگێڕییـەکان ئامـادە دەکـات وئاسـتی کارکردنیـان و توانـا زانـستی و کـارگێڕی و ڕێکخـستن و هونەریـەکانیان بـەرز دەکاتەوە و کاروباری مەڵبەند بە پێڕەوێك ڕێكدەخات.

**چواردەم: بەڕێوەبەرایەتی کاروباری هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ:**

ئەفسەرێکی پۆلیس بەڕێوەی دەبات کە پایەی لە رائید کەمتر نەبێ و خاوەن شارەزایی و لێهاتووی بێ لە بواری کاری لە هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ و لە بارەگاکەی وەزارەتـدا نەبێ و ئەرکەکانی لە هەماهەنگی کردن لە نێوان بەڕێوەبەرایەتیە

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقائعی کوردستان لە سایتی وەزارەتی داد


WWW.MOJKURDISTAN.COM

گشتييەكانی هێـزی ئاسايـشی نـاوخۆ و فەرمانگـەكانی سـەر بـە بريكـاری وەزارەت بـۆ كاروباری هێزەكانی ئاسايشی ناوخۆ دياری دەكرێن.

**پازدەم: فەرمـانگەی ياســـايی:**

فەرمانبـەرێك سـەرۆكايەتی دەكـــات بـە پلـەی بەڕێوەبـەر يـان ئەفـسەرێك كەبڕوانامـەی بەرايی زانكۆی لە ياسادا هەبێ و شـــارەزايی و لێهاتوەكەی لە (دە) ســـاڵ كەمـــتر نـەبی لە بواری پسپوری بە وەزيـــرەوە دەبەسترێتەوە.

**شازدەم: بەڕێوەبەرايەتی گشتی پۆلـيس:**

١-بەڕێوەبـەرێكی گـشتی خـاوەن شـارەزايی وپـسپۆڕی لـە كارەكـەی خـۆی بـەڕێوەی دەبـات كـە بڕوانامـەی بـەرايی زانكـۆی هـەبێ و لـە ئەفسەرەكانی هێـزی ئاسايـشی نـاوخۆ بێـت و پايەكـەی لـە عەميـد كـەمتر نـەبێ و دوو ياريـدەدەر يارمـەتی دەدەن كەپايـەيان لـە رائيـد كـەمتر نـەبێ و پاراسـتنی سيـستەمی گـشتی دەگرێتـە ئەسـتۆ لەگەڵ پيادەكردنی سەروەريی ياسا و هەر چی پەيوەنديدار بێ بە كاروباری پۆليس و بارەگای گشتی بەڕێوەبەرايەتی گشتی پۆليس لەم بەڕێوەبەرايەتيانە پێكدێ:

أ- بەڕێوەبەرايەتی تاوان و جموجۆڵ.

ب- بەڕێوەبەرايەتی كارگێڕيی.

ج- بەڕێوەبەرايەتی فەرمانگەی ياسايی.

د- بەڕێوەبەرايەتی ژمێرياری.

ه-بەڕێوەبەرايەتی وردبينی وچاودێری.

و- بەڕێوەبەرايەتی ئامـار.

ز-بەڕێوەبەرايەتی پلان و بەدواداچوون.

ح- بەڕێوەبەرايەتی مەشق وشياندن.

ط- بەڕێوەبەرايەتی بەدواداچوونی توندوتيژی دژی ئافرەت.

٢-هەروەها ئەم بەڕێوەبەرايەتيانەشی پێوە دەلكێ:

أ- بەڕێوەبەرايەتيەكانی پۆليسی پارێزگاكان.

ب- بەڕێوەبەرايەتيەكانی بەرگری شارستانی لە پارێزگاكاندا.

ج- بەڕێوەبەرايەتی پۆليسی كارەبای هەرێم.

د- بەڕێوەبەرايەتی پۆليسی پاراستنی دارستانەكان وژينگە لە هەرێمدا.

ه- بەڕێوەبەرايەتی پاراستنی دەزگاكانی نەوت.

و- بەڕێوەبەرايەتی ساغكردنەوەی بەڵگەكانی تاوان لە هەرێمدا.

ز- بەڕێوەبەرايەتی موخابەرەی پۆليس.

ح- بەڕێوەبەرايەتيەكانی بەرگری شارستانی لە فرۆكەخانەكان.

ط- بەڕێوەبەرايەتی پۆليسی چالاكييە شارستانيەكان لە هەرێمدا.

ئەرشيفی ڕۆژنامەی وەقائعی كوردستان لە سايتی وەزارەتی داد



WWW.MOJKURDISTAN.COM

حەڤدەم: بەڕێوەبەرایەتی گەشت و ولاٌتنامەی گشتی:

١- ئەفسەرێك بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی لە ئەفسەرەکانی هێزی ئاسایشی ناوخۆ بەڕێوەی دەبات کە پایەکەی لە عەمید کەمتر نەبێ و بڕوانامەی بەرایی زانکۆی هەبێ و خاوەنی شارەزایی وپسپۆڕیی بێ لە بواری کارەکەی و دوو یاریدەدەر یارمەتی دەدەن کەپایەکەیان لە رائید کەمتر نەبێ و هەموو کاروبارێکی پەیوەست بە رەگەزنامە و باری شارستانی و نشینگە و پاسپۆرت لە سنووری یاسا جێبەجێ کراوەکان دادەگرێتە ئەستۆ و بارەگـــای گشتی لەم بەڕێوەبەرایەتیانە پێکدێ:

أ- بەڕێوەبەرایەتی کاروباری رەگەزنامە.

ب- بەڕێوەبەرایەتی کاروباری پاسپۆرتەکان.

ج-بەڕێوەبەرایەتی کاروباری نشینگە.

د- بەڕێوەبەرایەتی باری شارستانی.

هـ- بەڕێوەبەرایەتی فەرمانگەی یاسایی.

و- بەڕێوەبەرایەتی کارگێڕیی وخۆیەتی.

ز- بەڕێوەبەرایەتی ژمێریاری.

ح- بەڕێوەبەرایەتی وردبینی و چاودێری.

ط-بەڕێوەبەرایەتی ئامار.

٢- ئەم بەڕێوەبەرایەتیانەشی پێوە دەبەسترێتەوە:

أ- بەڕێوەبەرایەتیەکانی رەگەزنامە و بـــاری شارستانی لە پارێزگاکاندا.

ب-بەڕێوەبەرایەتیەکانی پاسپۆرت لە پارێزگاکاندا.

ج- بەڕێوەبەرایەتیەکانی نشینگە لە پارێزگاکاندا.

هەژدەم: بەڕێوەبەرایەتی گشـــتی هـاتووچۆ:

١-ئەفسەرێك بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی لە ئەفسەرەکانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ بەڕێوەی دەبات کە بڕوانامەی بەرایی زانکۆی هەبێ و خاوەن شارەزایی و پسپۆڕی بێت لە بواری کارەکەی و پایەکەی لە عەمید کەمتر نەبێ و دوو یاریدەدەر یارمەتی دەدەن کە پایەیان لە رائید کەمتر نەبێ وپیادەکردنی یاسا و پێڕەو و رێنماییەکانی هاتوچۆ دەگرێتە ئەستۆ و جوولانەوەی رۆیشتن و ئەندازەی هاتووچۆ رێکدەخات و لەم بەڕێوەبەرایەتیانە پێکدێ:

أ- بەڕێوەبەرایەتی کاروباری هونەریی.

ب- بەڕێوەبەرایەتی ئەندازەی هاتووچۆ.

ج- بەڕێوەبەرایەتی کارگێڕیی خۆیەتی.

د- بەڕێوەبەرایەتی فەرمانگەی یاسایی.

هـ- بەڕێوەبەرایەتی ژمێریاری.

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقائعی کوردستان لە سایتی وەزارەتی داد



WWW.MOJKURDISTAN.COM

و- بەڕێوەبەرايەتی وردبينی و چاوديری.

ز-بەڕێوەبەرايەتی پلاندانان و بەدواداچوون و ئامار.

ح- بەڕێوەبەرايەتی ميرە وئاليات و موخابەرە.

٢- بەڕێوەبەرايەتيەكانی هاتووچۆی پارێزگاكانی پێوە دەبەسترێت.

**نۆزدەم: دەستەی پشكنينی هێزەكانی ئاسايشی ناوخۆ:**

ئەفسەرێك بەپلەی بەڕێوەبەری گشتی بەرێوەی دەبات كەپايەكەی لە عەميد كەمتر نەبێ و خاوەن شارەزايی وپسپۆڕی بێ لە بواری كارەكەيدا و خاوەنی بڕوانامەی بەرايی زانكۆ بێت و ژمارەيەك لە پشكێنەران لە گەورە ئەفسەرانی هێزەكانی ئاسايشی ناوخۆ ياريدەی دەدەن و تايبەتمەند دەبێ بە پشكنينی هەموو بەڕێوەبەرايەتيە گشتيەكانی هێزەكانی ئاسايشی ناوخۆ و فەرمانگە سەربازييەكانی ديكە كە بە وەزارەتەوە بەستراون.

**بيستەم: دادگا هەميشەييەكانی هێزەكانی ئاسايشی ناوخۆ:**

بە فەرمانی وەزير دادگايەك لە سەرۆكی دادگا پێك دێ كەپايەكەی لە عەميد كەمتر نەبێ و بەلانی كەم دە ساڵ شارەزايی هەبێ و دوو ئەندامی بنەڕەتيش كەپايەكەيان لە عەقيد كەمتر نەبێ و ئەندامێكی يەدەگيش بە هەمان پايە و داوا كارێكی گشتيش كە پايەكەی لە نەقيب كەمتر نەبێ و مەرجە هەر هەموويان لە ئەفسەرانی هێزی ئاسايشی ناوخۆ و خاوەن بڕوانامەی بەرايی زانكۆ لە ياسا بن و، پسپۆڕايەتی ئەم دادگايەش بينينی هەموو ئەو تاوانانەيە كە دەدرێتە پاڵ ئەفسەرو كارمەندانی هێزەكانی ئاسايشی ناوخۆ و ياسا سزاييەكان و ئسوڵی تايبەت بە هێزەكانی ئاسايشی ناوخۆ و ياسا سزاييەكانی ديكەو ئسوڵی دادگا سزاييەكانيان دەرهەق جێبەجێ دەكرێ و بڕيارەكانيشی دەكەونە بەر چاودێری و وردبينی دادگای پێداچوونەوەی(تمييز) هەرێمی كوردستان . عيراق و دەرماڵەی دادوەرانيش بۆ سەرۆك و ئەندامی دادگاو دەرماڵەی داواكارانی گشتيش بۆ داواكاری گشتی خەرج دەكرێ.

**بيست ويەكەم: نووسينگەی كۆچ كردن و كۆچ پێكراوان:**

راستەوخۆ بە وەزيرەوە دەبەسترێ و بەڕێوەبەرايەتيەكانی كۆچ كردن و كۆچ پێكراوەكان لە پارێزگاكانی هەرێميان پێوە دەبەسترێت.

**بيست ودووەم: كـۆلێجی پۆليس:**

( عەميدی كۆلێج ) بەرێوەی دەبات كە بە پلەی بەرێوەبەری گشتی بێ و راستەو خۆ بە وەزيرەوە دەلكێ، بە مەرجێ ئەفسەری پۆليس بێ و پايەكەی لە عەقيد كەمتر نەبێ و كاروبارەكانی بە پێڕەوێكی تايبەت ريكدەخرێن.

**ماددەی چوارەم:**

يەكەم: ئەرك و تايبەتمەنديەكانی پێكهاتەكانی وەزارەت بە پێڕەو دەستنيشان دەكرێن.

ئەرشيفی ڕۆژنامەی وەقائعی كوردستان لە سايتی وەزارەتی داد



WWW.MOJKURDISTAN.COM

دووەم: وەزیر بۆی هەیە بەڕێوەبەرایەتی یا بەش یا بنكە یان هۆبە لە كاتی پێویست لە نۆژەن دابنێ یا لێك بدات یا خود لێكیان بترازێنێ یان بە یەكیان ببەستێتەوە.

**ماددەی پێنجەم:**

وەزیر بۆی هەیە ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسانكاریی جێبەجێ كردنی حوكمەكانی ئەم یاسایە دەربچوێنێ.

**ماددەی شەشەم:**

یاسای وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی كوردستان ژمارە (٩) ی ساڵی ١٩٩٣ و هەمواركراوەكانی و یاسای ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠٠٠ هەڵدەوەشێنەوە.

**ماددەی حەوتەم:**

كار بە هیچ دەقێك ناكرێ گەر لەگەڵ حوكمەكانی ئەم یاسایە ناكۆك بێ.

**ماددەی هەشتەم:**

پێویستە ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەكان حوكمەكانی ئەم یاسایە جێبەجێ بكەن.

**ماددەی نۆیەم:**

ئەم یاسایە لە ڕۆژی بڵاوكردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقائیعی كوردستان) جێبەجێ دەكرێ.

**مـسعود بارزانـــی**
**سەرۆكـــی هەرێمی كوردستان ـ عێراق**

**هەولێر**

١٢/ جۆزەردان/ ٢٧٠٩ ی كوردی
٩/ جمادی الثاني / ١٤٣٠ ی كۆچی
٢/حوزەیران / ٢٠٠٩ ی زایینی

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقائعی كوردستان لە سایتی وەزارەتی داد


WWW.MOJKURDISTAN.COM